
# کاتی ئەوە هاتووە یاسا بەرقەرار بکرێت

**کاراوان اکرم - هەولێر**



پێشکەوتن و بەرەو پێش چوونی هەر ولاّتێك بە رێژەیەكی زۆر بەندە بە مامەڵەی نێوان حکومەت و میللەتەکەیەوە ، حکومەت و دەسەلاّتدار گەر بە شێوەیەکی یەکسان چاوی لە هاوولاّتیانی بێت و مامەڵەیان بکات و چینایەتی دروست نەکات و پلە بەندی نەکاتە مامەڵە و خوێندنەوەی خەڵکی لەو ولاّتەدا و یاسا سەروەر بێت بۆ هەموان بەبێ جیاوازی بە شێوەیەك کە کابرایەك لە گوند و یەکێك لە شار هاو شێوە دڵنیا بن کە ئەو یاسایەی لەو ولاّتەدا هەیە پارێزەری مافەکانیانە ، کەسێك لەو حزبە و یەکێکی تر لەوی تر دڵنیا بن کە هەرچەندە بیرو رایان جیاوازە بەلاّم لە مافی هاوولاّتی بوندا یەکسانن لەگەڵ هەر تاکێکی تری نێو ئەو کۆمەڵگایەدا ، گەر هاوولاّتی هەستی بەو یاسا سەروەریە کرد ، هەستی نەکرد کە پلە دووە ، هەستی نەکرد کە لەبەر ئەوەی ئەندامی حزبی دەسەلاّتدار نیە ، ئیتر مافی ژیانی ئاسایی نیە لەو نیشتمانەدا ، هەستی بەیەکسانی بون و ژیان کرد لەسەر جەم ماف و ئەرك و لایەنەکانی تری ژیانیدا ، ئەو کاتە ئەبێتە میللەتێك کە پارێزەری ئەو حکومەتەی دەبێت و خەمخۆر و هاوکاری دەبێت ..

بەڵێ بەرەنگدانەوەی ئەمە لە ژیانی نێو خۆی خۆماندا کە تا ئێستە گیانی حزبایەتی تەسك هەر بەردەوام وەك خۆرەیەك بووەتە پارچە پارچە کەری ریزەکانی میللەت ، تەزکیەی حزبی و بە حزبی بوون ، بووەتە پێوەری هەڵسەنگاندنی تاك لەسەرجەم بوارەکانی ژیاندا ، حزبایەتی نائاسایی بووەتە هۆکاری تێکدانی بیر و هۆشی خەڵك و بیرکردنەوەی راست و دروستیان ، بە شێوەیەك گەر کەسێك شتێکی باش بکات وە یاخود خراپ ، وە یان هەر هەنگاوێك بنێت بە هەرشێوەیەك بێت ، خوێندنەوەی حزبی بۆ دەکرێت و لە روانگەی ئەو حزبەی کە ئەو ئینتیمای بۆی هەیە ئەو کارەی هەڵدەسەنگێنرێت و بە چاویلکەی حزبی نمرەی لەو روانگەدا بۆ دادەنرێت ..

کوردستانمان سەرەتای بەهارێکی نوێی لە بون و ژیانی دەست پێدەکات ، تەم و تاریکی شەری حزبیانە و ناکۆکی نێوان تاکەکانی بەرەو ئاوا بوون دەچێت ، کاتی ئەوە هاتووە ، هاو شێوەی زۆر ولاّتی دیموکرات ، دیموکراتی راستەقینە بەرقەرار بکرێت ، مافی هاوولاّتی بوون یەکسان بێت بۆ هەموو ئەندامانی ئەو نیشتمانە ، خوێندنەوەی حزبی لە مامەڵەی رۆژانەی کاری هاوولاّتیاندا ریشەکەن بکرێت .. حکومەت و دەسەلاّت خەمخۆر و پارێزەری هاونیشتمانیانی ئەو نیشتمانە بن و یاسا بەر قەرار بکەن بە یەکسانی کە هەموو کەس بتوانێت لە رێیەوە مافەکانی خۆی دەستە بەربکات ..